کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:13 14-4-2007

## یەکێتی ڕێبین تەها زیندانی ناکات کیشەکە لەنێوان مەجید صالح و ڕێبیندایە ... جوامێر کەلاری

دیسانەوەی کێشەکەی نێوان ڕێبین تەهاو مەجید صالەح کەوتەوە نێو میدیاکانەوە، بەتایبەت ئەمجارەیان لەکاتێکدایە کە مەجید صالەح پێش ئەوەی چاوەڕی بڕیارو حوکمی کۆتایی دادوەر بکات خۆی تەڕیحی داوە گوایە بۆ ماوەی 5 ساڵ ڕێبین زیندانی دەکات، کەمن وێرای حورمەتم بۆ ئازادیی ڕادەربرن و وێرای ئەوەی دژی زمانی زیرو تانەو تەشەرەم، بەڵام هەڵسوکەوتی مەجیدو زیندانی کردنی ڕێبین لەبەر نووسین هەڵەیەکی گەورەیە.

لەڕاستیدا ناکری وا ئەم کێشەیە پێناسە بکری کێشەی نێوان یەکێتی و ڕێبینە، چونکە ئەمە کێشەیەکی شەخێیەو مەجید ڕێبینی داوەتە دادگا نەك یەکێتی، ئەگەر هەڵسەنگانەکانیش لەو ڕووەوە بێت ڕێبین بۆ یەکێتی نزیکە نە مەجید، ئەگەر بڕیاریش بێت یەکێتی تەدخول بکات کە نایکاتیش پێویستە بەرگری لە ڕێبین بکات نەك مەجید چونکە ڕێبین گەنجەو کەسوکاری شەهیدو ئەنفالەو بە بنەماڵە پێشمەرگەو یەکێتی بوونەو خۆشی دڵنیام یەکێتیە بەڵام ڕەخنەو گلەیی و دەنگی جیاوازی هەیە، بەڵام بۆ دەبی یەکێتی دسفاع لە کەسێك بکات کە ڕابردوو پریەتی لە ڕەشی و خیانەت و بەعسێتی و شانۆگەری کردن بۆ لە دایکبوونی صدام حسێن و هەڕەشەکردن لە قوتابیانی ئەو دەمە بۆ ئەوەی ببنە بەعسی و لەدوای ڕاپەرینیش ئەم حیزب و ئەو حیزبکردن و خۆ پۆشتەو دەوڵەمەنکردن بەسەر یەکێتی و خەڵکی هەژارەوە.

کێشەی ڕێبین دوای کێشە نیە، هەر ئەم کەسە داوای یاسایی تری تۆمارکردووە لەسەر پەیامنێری ئاوێنەو بە پێچەوانەوە داوای یاسایش لەسەر تۆمارکراوە، کەواتە لەدویوی ناوەوەی ئەم کێشانەوە ئازادی بۆچوون و ڕادەربرن گرنگن و دەبی یەکێتی ڕێگا نەدات بەو کەسانەی بەناوی ئەوەوە ئەو مافە لەخەڵك زەوت بکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.